# یاسای لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٠**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (٢٠٠١)**
**لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)**

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)کە تایبەتە بەوەی پیاو بۆی هەبێ بەبێ ئیزنی دادگا ژنی دووەم بهێنێ ئەگەر بێوەژن بێت، لە کار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**